پیت یا دەنگ

عبدالخالق احمد عزیز

نابێت هەرگیزاو هەرگیز پیتو دەنگ تێکەڵ بەیەکتر بکەین و لە یەکتریان جیانەکەینەوە . گرینگترین و ئاشکراترین جیاوازی لەنێوانیاندا ئەمەیە کەپیت دەنووسریٚ و دەبینریٚ ، هەرچی دەنگە دەگوتریٚ وەبەهۆی گوێوە دەبیستریٚ . بەڵام پیت ئەو نیشانەیە کە لەبریتی دەنگ دانـدراوە وەلە (مێشکدا نوێنەرایەتی دەنگێك دەکات)[1] شێوەی ئەو دەنگە وەیا نزیك لەو دەنگە لەمێشکدا پەیدا دەکات .

(ئەگەر ئێمە زۆر بەباشی لەپیت وورد ببینەوە دەبینین ، هەر پیتە ناوێکی تایبەتی هەیە وەناوەکەشی پێك هاتووە لە زیاتر لە دەنگێك)[2] ؛ کەوابوو پیت بچوکترین یەکەی نووسینە ، بەڵام بچوکترین یەکەی دەنگ نییە . ئەم قسەیەی سەرەوەمان دەتوانین بەم بەڵگانەی خوارەوە روون بکەینەوە : -

1 — ووشەی (مۆست - most) لە چوار پیت پێکهاتووە ، ئەگەر مامۆستایەك لە قوتابییەك بپرسیٚ چۆن (most) سپێل دەکەیت ؟ لەوەڵامدا دەڵێت (ئێم - m ، ئۆ - o ، ئێس - s ، تی - t) . لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ووشەکە ، ژمارەی دەنگەکانی زیاترە لە ژمارەی پیتەکانی ، واتە هەر پیتەی زیاتر لەیەك دەنگی هەیە کە بەم شێوەی خوارەوەیە : -

most (مۆست) = (m , o , s , t) چوار پیت
o (ئۆ) = 2 دەنگ (ء ، ۆ)
m (ئێم) = 3 دەنگ (ء ، ێ ، م)
s (ئێس) = 3 دەنگ (ء ، ێ ، س)
t (تی) = 2 دەنگ (ت ، ی) .

کۆی دەنگەکان (3 + 2 + 3 + 2 = 10 دەنگ با ئێستاش ووشەیەکی کوردی ، وەکو (شێر) تاقی بکەینەوە ووشەی (شێر) لەسیٚ پیت پێکهاتووە کە بریتین لە (ش - ێ - ر) ، ئەگەر هەر پیتیٚ لەم پیتانە بەتەنها گۆبکەین (تەلەفوزبکەین) دەڵێین (شین - یێ - ریٚ) لە ئەنجامی ئەوەشدا حەوت دەنگمان دەسگیر دەبێت .

2 — (زیادەی ژمارەی دەنگەکانی زۆربەی زمانەکان لەرووی ئەو وێنانەی کە دەست نیشانیان دەکات)[3] ، بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ دیارخستنی لەیەکتر جیابوونی پیتو دەنگ . بۆ نموونە لەزمانی ئینگلیزیدا (43 — 44) دەنگ هەیە کەچی وێنەی 26 پیتی هەیە . لەم نموونەو بەڵگانەی سەرەوەدا بۆمان بەدیارکەوت کەپیت گەورەترە لەدەنگو جیاوازن لەیەکتری .

وەلەبەر نەبوونی دیراسەیەکی ووردوو دروست لەسەر دەنگەکانی زمانی کوردی ، تاکو ئێستا شارەزایانی زمانی کوردی نەیانتوانیوە ، ژمارەی دەنگەکانی زمانی کوردی بەتەواوی دیاربخەن ، بۆ ئەم راستییەش ئەم خشتەیە دەخەینە بەرچاو :

ـحیره	ناوی نووسەر یان ناوی کتێب	ساڵ	ژمارەی پیت	ژمارەی دەنگ	ئەو پیتانەی بەکار هاتوون کە لەکوردی دانین	ئەو دەنگە کوردیانەی کەبەکار نەهاتون	ئەو دەنگانەی کە کەبەکار هاتون پیتیان بۆدانەنراوە
	ئۆگست ژابا	١٨٧٩	٣٤		ت ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ	ڵ ، ڕ ، ۆ ، ێ ، وو	سەر ، بۆر ، ژێر
	ل ١٠و . فۆسوم	١٩١٩	٣٠		ذ	ڕ ، وو ، ێ ، و	سەر ، بۆر ، ژێر
	دەستوری زمانی کوردی (توفیق وەهبی)	١٩٢٩	٣٥				
	کتێبا ئەلفبا (حاجی جندی)	١٩٣١	٣٠			ڕ ، ڵ ، ع	
	ئەلفابێ یامن (کامەران بەدرخان)	١٩٣٨	٣٠			ڵ ، ڕ	
	(جەمال نەبەز) نووسینی کوردی بە لاتینی	١٩٥٧	٣٥				
	ئەلفبا . (حاجی جندیو ف . جواری)	١٩٥٧	٣٩				
	ئەلفوبێی کوردی وتینەدار (گیوی موکریانی)	١٩٧٢	٣٨				
	ناری زمانی کوردی (محمد ئەمین هەورامی)	١٩٨١		٤٩			
	رینووسی کوردی د . نەسرین فەخری	١٩٧٨	٣٤	٣٦ ٣٧	(بەئەلف بێی عەرەبی) (بەئەلف بێی لاتینی)		

(تێبینی : ـ ئەم زانیاریانەی کەلەم خشتەیەدا بەرچاو ـەکەون لە (1 ـ 8) لەکتێبی رێنووسی کوردی لەسەدەیەکدا وەرگیراوە ، کە لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردە ، بەپێنووسی حامید فەرەج نووسراوە . وەهی (9) یەم لە کتێبی زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراووردا لەنووسینی مامۆستا (محمد ئەمین هەورامی) وەرگیراوە وەهی (10) یەم ـەکتێبی (رینووسی کوردی) د . نەسرین فەخری یەوە وەرگیراوە) .

پاش چاو خشاندنێك بەم لیستەی سەرەوە چەند شتێکمان بۆ بەدیار دەکەوێت لەمانە : ـ

1 ـ ژمارەی دەنگەکانی کوردی تاکو ئێستا بەتەواوەتی نەچەسپاوە بۆیە ، لەنووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازیان هەیە ، وەهەندێ جاریش ئەم جیاوازی‌یە لەنووسینی نووسەرێکدا بەدیاردەکەوێت بۆ نموونە لە (کتێبا ئەلفبا)ی جندیدا (زنجیرەی ژمارە 4 لەخشتەکەدا) کە لەساڵی 1931 دا بلاوی کردۆتەوە وێنەی (30) پیتی کێشاوە کەچی هەمان نووسەر بەهاریکاری دەگەڵ (ف . جواری) لە کتێبەکەیان (ئەلفبا) دا (زنجیرەی ژمارە 7 لەخشتەکەدا) وێنەی 39 پیتیان کێشاوە .

2 ـ هۆی بوونی ئەم جیاوازی‌یە راستی‌یەك دەردەخات ئەویش بوونی دەنگەکانی کوردی‌یە لەگۆکردندا ، بەلام نەبوونی وێنەیان وای لەنووسەرەکان کردووە کە نەتوانن ئەم کەلێنە پربکەنەوە .

3 ـ رەنگە هەندێ لەم جیاوازیانە لەئەنجامی تێکەلاو بوونی چەند دەنگێکی بێگانە بێت لەگەل دەنگەکانی زمانی کوردی‌دا ، وە لەوانەیە نووسەرەکان (زمانەوانەکان) هەلوێستیان لە بەکارهێنانی ئەم دەنگانە لەئەلفو بێی کوردی‌دا جیاواز بێت وەکو هەندێ دەنگی عەرەبی (ص ، ح ، ظ ، ث ، ذ ... هتد) کە هەندێ لە نووسەرەکانمان (ص) بەدەنگێکی کوردی دادەنێن ، وە هەندێکی تر ئەم کارە بەڕاست نازانن .

4 ـ ئەگەر ئێستا بەراووردێك لەنیوان کتێبی (زاری زمانی کوردی لەتەرازووی بەراووردا) لەگەل هەریەك لە

لەئەلف و بێ یەکانیتردا بکەین دەبینین جیاوازیەکی گەورە لەنێوانیاندا پەیدا دەبێت لەهی یەکەم ژمارەی دەنگەکانی کوردی بە 49 دەنگ داندراوە کەچی لەوانی تر بە هیچ جۆری ناگاتە 40 دەنگ لە 39 دەنگ زیاتر نین ، بەڵکو بگرە کەمترن لە 39 دەنگ .

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە مامۆستا هەورامی لە کتێبی (زاری زمانی کوردی ...) دا ژمارەیەك بـزوێنی دوولایەنی دیارکردووە کەچی هیچ نورسەرێك (لەوانەی لە خشتەکەدا ناو براون) ئەم دەنگانەی دەست نیشان نەکردووە ، تەنهـا د . نەسرین نەبێت کەیەك دەنگە بزوێنی دوولایەنی باس کردووە ئەویش (وێ)[5] یە ، وە د . نەسرین ژمارەی پیتەکانی کوردی بە 34 پیت وەژمـارەی دەنگەکـانی بە 36 دەنـگ داناوە (ئـەمـە بەئەلف و بێی عەرەبی) ، کەچی بەئەلف و بێی لاتینی وێنەی (37)[6] پیتی کێشاوە .

هەرچەندە نووسینی ئەمڕۆمان ناتـەواوی زۆری تیایـە بەڵام (زۆربەی ووشەکان و رستەکان وەکو ئەوەی گۆ دەکرێن دەنـووسرێن لەگـەڵ نەختێ جیـاوازیدا .... تـەنهـا دەنگی [نگ] نەبێت کەپێکهاتووە لە دوو پیتی [ن] [گ] بەڵام یەك دەنگی نـوێ دەدەن کە لەهـەردوو دەنگی پیتەکـانی پێشوو جیاوازترە)[7] . ئەم دەنگە نوێیەش لەکلیلی دەنگەکانی زمانی ئینگلیزیدا هێمای g] بۆ داندراوە هەروەکو لە کۆتایی ووشەی thing و long ی ئینگلیزیدا هەن وە وەکو لە (تفەنگ ، چەلەنگ ، هەنگ) ی کوردیدا هەن .
وەئـەگەر دەنگی [ك] یـان [گ] دەنگی [ی] یا [ێ] لەدواوە بێت ئەوا دەنگەکـە دەگۆڕێت و دەنگی نـوێ دروست دەکەن کە جیاوازە لە دەنگی پێشوو .

وەنـابێت لەباس کـردنی دەنگ تیـژ [هێـز ـ stress] و بەرزی و نزمی دەنگمان لەبیر بچێت چونکە هەریەك لەمانەش وەکو دەنگێکی سەربەخۆ کاردەکەن مانای ووشەکە یا رستەکە دەگۆڕن . بۆ نموونە (هەرێ) و (هەرێ) یەك ووشەن بـەڵام بەدانانی تێز (هێز) لەژێر (ر) دا مانای ووشەکە جیاواز دەبێت لەمانای پێشووی ، لەووشەی یـەکەمـدا (هەرێ) بـەمـانـای (پـەیمان ـ وعـد) دێت ، بەڵام لەدووەمـدا (هەرێ) مـا (ڕاکە) دێت واتە فرمانی داخـوزییە وەروبـەرت لادۆ دە (باس کردنی دەنگ دەبێت بچووکترین فۆنیم و فونیمی تێزد خاڵی بەیەك گەیشتن بگرێتەوە)[8] . چونکە زانینی کۆتایی وو تێکەیشتنی ووشە وەیا ڕستەمان بۆ ئاسان دەکات . وەکو دوو ڕستەیەی خوارەوەدا : ـ

1 — ئەو ڕستەیـەی کە لەنـاو کەوانـەدایە ، بـەبێ پشوو بخوێنەوە (خوشکەکەتان ژنی کامتانە) .
2 — هەمان ڕستە کە لەناو کەوانە دایە بەپشوودان بخـوێ (خوشکە کەتان ژنی کامتانە) .

لەوانەیە گوێگر ، وەیا خوێنـەر خۆی ، کـاتێ ڕستـ یەکەم بەخێرایی دەخوێنێتەوە ڕستەکە زۆر بەسەیر تێ بگاو نابەجێی دابنێ . کەچی لەڕستەی دووەمدا وای بەسەرنای چونکە ووشەی (کەتان) ووشەیەکی سەربەخۆیە و ناوی ئافر ئەوکاتە مانای ڕستەکەی بۆروون دەبێتەوە ، کەچی (کەتا لەڕستەی یەکەمدا لەکاتی خوێندنەوەدا بـەڕاناوی هـەبو (ضمیر تملك) تێ دەگات ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەڕ بەتەواوی مانای بگۆڕێت و ڕستەیەکی نابەجێ دروست . بکا

پەراوێزەکان

J . D . O,Connor . Better English Pronunciation Cambridge Univevsity Press 1967 . p . 10 .
2 — فۆنەتیکی زمانی کوردی ـ محمدامین هەورامی ، بەغداد ، 1974 . ل25 .
3 — گوڤاری بەیان ـ بەغداد ، 1972 ژ 2 ل43
4 — مـامۆستـا حامیـد فەرەج ، لەکتێبی (ڕێنـووسی کوردی لەسـەدەیـە لەلاپەرە 33 دا ژمارەی پیتەکانی ئـەم کتێبەی بـە 38 پیت داناوە ، کـ لەلاپەرە (25) ی هەمان کتێبدا وێنەی (30) پیت بۆ ئەم ئەلف و بێیە کێشر جا وابزانم ئەمە هەڵەی چاپە چونکە د . نەسرین فەخری لە کتێبی (ڕێنو کوردی) دا لەلاپەرە 74 وێنەی (30) پیتی دیار کردووە .
5 — بۆ زیاتر سوود وەرگرتن سەیری ل35 ی کتێبی ڕێنووسی کوردی ـ د . نە فەخری ـ 1977 — 1978 بکە .
6 — سەیری هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە (76) بکە .
7 — فۆنەتیکی زمانی کوردی ـ محمدامین هەورامی ـ بەغداد ـ 1974 ل 18 — ا
Robert Lado . Linguistic Across Cultures . University of Michigan . Ninth Printing 1968 . p . 13